ئەگەر خوای گەورە بیەوێت خەڵکانێک سزا بدات، سزاکە دادەبەزێتە نێو هەموو ئەوانەی لە نێوانیاندان، پاشان بە پێی کردەوەکانیان زیندوو دەکرێنەوە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەگەر خوای گەورە بیەوێت خەڵکانێک سزا بدات، سزاکە دادەبەزێتە نێو هەموو ئەوانەی لە نێوانیاندان، پاشان بە پێی کردەوەکانیان زیندوو دەکرێنەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات ئەگەر خوای گەورە بیەوێت خەڵکانێک سزا بدات بەهۆی کردەوە خراپەکانیانەوە، (سزاکە دادەبەزێتە نێو هەموو ئەوانەی لە نێوانیاندان) واتا: سزاکە ئەوانەش دەگرێتەوە کە لەسەر ڕای ئەوان نین و وەکو ئەوان کردەوەی خراپە ناکەن، بۆیە هەمووی تیا دەچێت ئەگەر تاوان وخراپەکاری زۆر بوو وبڵاو بوویەوە لە نێوە کۆمەڵگادا، (پاشان بە پێی کردەوەکانیان زیندوو دەکرێنەوە) واتا: ئەگەر کەسەکە چاکەکار بوو ئەوا سەرەنجامی چاک دەبێت وئەگەر خراپەکار بوو ئەوا سزا دەدرێت، بۆیە ئەم سزایە پاککەرەوەیە بۆ چاکەکاران وسزایە بۆ سەر تاوانباران، وزیندووکردنەوەیان بە پێی کردەوەکانیان ئەوپەڕی دادپەروەری خوای گەورە دەردەخات؛ چونکە پاداشتی کردەوە چاکەکان لە قیامەتدا وەریدەگرن بەڵام ئەو ناخۆشی وبەڵایانەی تووشیان دەبێت لە دونیادا هۆکارن بۆ لێخۆشبوون لە تاوان وگوناهەکانیان، ئەو سزایەی دەنێردرێت لە دونیادا بۆ ئەوانەیە کە ستەمیان کردووە وئەوانەیش دەگرێتەوە کە لەگەڵیان بوون ونکۆڵیان لێبان نەکرد لەسەر کردنی ئەم کارە خراپانە، ئەمیش سزایەکە بۆیان چونکە نەرمونیان بوون بەرامبەر ئەو تاوانبارانە، وپاشان لە ڕۆژی قیامەتدا هەموویان زیندوو دەکرێتەوە وهەرکەسێک بە پێی کردەوەکانی لە دونیادا لێپرسینەوەی لێدەکرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6329